Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

**راگەیاندنی ژمارە ٨ سکرتاریەتی کۆمەڵە:**

# خۆپیشاندانی خەڵك لە سنە کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی هێزەکانی رژیم

دوای ئەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە هیچ وڵامێکیان بە خواستەکانی رۆژی شەممەی مانگرتووانی شاری نەدایەوە، ئەمڕۆ خەڵکی شاری سنە بۆ نارەزایی دەربڕین بە کەمتەرخەمیی بەرپرسان، دووکان و بازاڕیان داخست و رێپێوانێکی هێمنانەیان وەڕێ خست. لەگەڵ کۆبوونەوەی خەڵك لە چەندین شەقامی سەرەکی شار، ژمارەیەکی زۆر هێزی ئینتزامی شەقامەکانی شاریان گرت و هاتوچۆیان لە چەندین شەقام قەدەغە کرد. لە شەقامی فیردەوسی خەڵکی خۆپیشاندەر و هێزەکانی ئینتزامی بە گژ یەکتردا چوون و تەقە لە خەڵك کراوە و ژمارەیەك کەس بریندار بوون. خەڵکی تووره ونارازی بنکەی کەلانتەری ٢ و چەندین ماشینی هێزی ئینتیزامیەیان ئاور تێبەردا. شایانی باسە ژمارەیەك لە خەڵك و هەڵسووڕاوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی شاری سنە رۆژی شەممە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان مانگرتنێکیان لەبەردەم ئوستانداری سنە وەڕێخست و کۆمەڵێك داخوازیان خستە بەردەم بەرپرسانی شار و رایانگەیاند ئەگەر وڵامی خواستەکانیان نەدرێتەوە، خەڵکی شاری سنە دەست دەدەنە خۆپیشاندان.

هەر ئێستا خەڵکێکی زۆر لە هەموو شەقامەکانی شار دەستیان داوەتە ئعتیراز و رەفتاری دڕندانەی هێزەکانی رژیم لە سنە نیشانەی ترسی زۆریانە لەم بزوتنەوە جەماوەریەی شارەکانی کوردستان.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

١_٨_٢٠٠٥

دهم مرداد ماه ١٣٨٤

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)٣١٥٠٢٨٩**
Tel: **(0044704)٣١٦٠٧٥٢**
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**